

## نامیق عەلی و سەردەمی تراژیدیا

# خوێندنەوەیەک بۆ ئەندازەی پیشانگا

**لەم ماوەیەدا هونەرمەند (نامیق عەلی قادر) دواین پیشانگای خۆی بە ناوی (سەردەمی تراژیدیا) لە هۆڵی میدیا لە ناوەندی شاری هەولێر کردەوە. پاڵپشت بە نیو سەدە ئەزموونی ئەم هونەرمەندە، مەبەستمە لە گۆشەنیگای ئەم پیشانگایەوە، قسە لە بارەی دوو لایەن بکەم:**

**تاریق کارێزی**



-دواین ئەزموونی هونەرمەند.

-سیستەم و ریتمی دابەشکردنی بەرهەمەکانی پیشانگاکەی لە نێو هۆڵی نمایشەکەدا.

پێشانگاکە بەرهەمی چوار ساڵ کار کردنی هونەرمەند بوو، ئەو ئەزموونێکی باشی لە هەردوو بواری نیگار و پەیکەردا هەیە، لە نیگاردا زۆرتر هێڵ و کەمتر رەنگ دەکاتە گەردانی کار و ئەفراندنی، لە پەیکەریشدا ئاسن و شیش و مەتریاڵی هەمەجۆری بەکار هێناوە و ئەم جارەیان برۆنزی وەك کەرەستەی پەیکەر بەکار هێناوە، بەکارهێنانی برۆنز وەك کەرەستەیەك بۆ دروستکردنی پەیکەر، ئەرك و زەحمەتییەکی زۆر دەخاتە سەر شانی هونەرمەند. نامیق عەلی ئەم جارەیان ئەم مەتریاڵە رەق و بەهادارەی خستووەتە خزمەت گوتاری سیمبوڵ ئامێز و هێماکارانەی خۆی، هونەرمەند بەم مەتریاڵە رەقە، بە زمانێکی نەرم و ناسك هاتووەتە ئاخاوتن.

یەکێك لەو شتانەی لە رەخنە و بەدواداچوونی رۆژنامەوانی بەکەمی قسەی لە بارەوە کراوە، بابەتی رێکخستن و شێوەی دانانی بەرهەمەکانە لە هەر پیشانگایەکدا، دانانی تابلۆ، یان هەر بەرهەمێکی دیکەی شێوەکاری لە پیشانگادا، بە پێی ریزبەندییەك دەبێت، کە تێیدا (ریتم، گونجان، رووبەر، بۆشایی، رووناکی، قەبارەی بەرهەم و... هتد) رەچاو دەکرێت. هەموو پیشانگایەك لە رووبەر و فەزایەکدا نمایش دەکرێت، وا پێویست دەکات پیشاندان و نمایشکردنی بەرهەمەکانی پیشانگا، کاری باش دیتن و دەرکەوتنیان برەخسێنێت، چونکە باش تەماشاکردن و بە تێر و تەسەلی روانین و رامان لە بەرهەمی هونەری، خواستێکی سەرەکی و نەبڕاوەی هونەرمەندە لە سازدانی پیشانگا. لێرەوە دەکرێت بڵێین، پەیڕەوکردنی سیستەم و ریزبەندییەکی باش زەمینەی ئەوە دێنێتە پێش کە بینەری بەرهەم و میوانی پیشانگا، بە شێوەیەکی دروست و تا ئەو پەڕی خواست و بڕست و توانا و مەبەستی خۆی، چێژ لە هاتنی بۆ پیشانگاکە و دیتنی بەرهەمەکان ببینێت.

لە راستی دوور ناکەوینەوە ئەگەر بڵێین، هەموو مرۆڤێك خۆڕسکانە حەزی رێکخستن لە ناخ و دەروون و سەلیقەیدا هەیە، ئەوەی هونەرمەندیش لە خەڵکی ئاسایی جیا دەکاتەوە، هونەرێکە کە هەڵگری گوتار و پەیامێکی ستاتیکیی جوانخوازانە و جوان مەبەست پیشان دەدات. ئیدی لێرەوە ئەزموون و شارەزایی هونەرمەند بۆ رەچاوکردنی ریزبەندییەك بۆ تابلۆکانی زۆر گرنگە، کە لەگەڵ شوێنی نمایشەکەدا بگونجێت و باشترین دەرفەتیش بۆ بینەر دەستەبەر بکات.

لەم روانگەیەوە ئەگەر قسە لە بارەی پیشانگاکەی نامیق عەلی قادر بکەین، دەبینین ئەم هونەرمەندە ئەزموونێکی گەورەی لەم بوارەدا هەیە، لە بیریشمان نەچێت سەردەمێك (گەلەریی رۆژ)ی بەڕێوە بردووە. ئیدی هەموو ئەو شارەزایی و ئەزموونە لە رێکخستنی پیشانگاکەیدا خۆیان نواند.

پیشانگاکە بریتی بوو لە کۆمەڵێك تابلۆی شێوە چوارگۆشە، هەندێکیان بە لاری کێشرا بوون، هەندێکیشیان بە شێوەی چوارگۆشەیی ئاسایی خۆیان لەگەڵ کۆمەڵێك پەیکەری لە برۆنز داڕێژراو بوون. سەرەتا و کۆتایی هۆڵەکە کە لای راست و چەپی دەرگای هۆڵەکە دەگرێتەوە، بە دوو تابلۆی قەبارە گەورە پڕ کرا بوونەوە. دوو رووبەری بچووك بە دوو بەرهەمی گەورە پڕ کرا بوونەوە.



دیواری دووەم بە لای راستدا، ئەم سەر و ئەو سەری تابلۆی قەبارە گەورە لە شێوەی چوارگۆشەی لار بوو، لە نێوانی هەردوو تابلۆکەش پێنج پەیکەری برۆنز هەڵواسرا بوون. سێ پەیکەری یەکەم سێیەکی (ئافرەت و کورسی و دەمە مانگ) بوون، برێك گۆڕان لە شێوەی مانگەکە و جەستەی ئافرەتەکە لە تابلۆکاندا بەدی دەکرا، دوای ئەوان پەیکەرێکی برۆنز لە شێوەی پەرستگەی ئێزدی بوو، پاشان پەیکەری ئافرەتێکی دیکە. رەنگە هەموو ئەمانە هێما بن بۆ ئەو هەزاران ئافرەتە ئێزدییەی لە لایەن داعشەوە رفێندران.

کۆتایی دیواری دووەم تابلۆیەکی چوارگۆشە لارە، بەرانبەری لە سەرەتای دیواری سێیەمیش، ریزە پەیکەرێکی برۆنز داندرا بوون. لە گۆشەی نێوان هەردوو دیوارەکەش، پەیکەرێکی قەبارە گەورەی برۆنز بوو، کە هەردوو دیوی بە جووتە پەیکەرێکی بچووك تەندرا بوون. پەیکەرەکانی دیواری سێیەم بریتی بوون لە (مرۆڤێکی گرمۆڵە، کەسێکی دۆژداماوی سەر کورسی، کەڵەشێر لە بانکداندا، گیاندارێکی نامۆ). هەموو ئەمانە هێمان بۆ رەخنە گرتنی هونەرمەند لە مەرگەسات و تراژیدیا، داوا دەکات بە قوولەی کەڵەشێر (ئەمرۆ میدیا و مۆبایل و ئینتەرنێت، جێی کەڵەشێریان گرتووەتەوە)، خەڵك بە خەبەر بێن و بێدار ببنەوە.

سێیەمین گۆشەی پیشانگاکە تابلۆیەکی چوارگۆشە بوو، ئەم دیو و ئەو دیوی دوو پەیکەری بچووك بوون. ئەم تابلۆ چوارگۆشەیە پێمان دەڵێیت، هونەرمەند لە زمانی رەخنەوە بەرەو زمانی پێشنیار دەچێت. تابلۆیەك یەك پارچە کێلی گۆڕە، ئەمە چڕترین دەربڕینە بۆ وڵاتی ئێمە و دەوروبەری ئێمەش، کە کراونەتە مەرگستان. لە ناوەڕاستی تابلۆکەشدا کەڵەشێرێك گەردنی هەڵبڕیوە و بانگ دەدات: مەرگە تراژیدیا بەس نەبێت؟ پەیکەری پێش تابلۆکە گردی مەرگە (گردی مشتەنوور، گردی یوونس پێغەمبەر بە نموونە) کە کرانە خاك و خۆڵ، دوای تابلۆکەش ئاسك (مامز)ێکی گەردنکەشە، پشتی لە مەرگستان کردووە، ئێمەی مرۆڤ بەرەو دنیای ژیان بانگ دەکات. لە ئەفسانەی کوردیدا زۆر جار ئاسك رۆڵی تایبەتی هەیە، کاراکتەرێکی دەگمەنە.

لە چوارەمین دیواری هۆڵەکەش، سەرەتا دوو باڵندە دەبینین، نیشانەی ئازادی و سەرفرازین، دیسان تابلۆیەکی چوارگۆشە لار دێتە پێش کە گۆڕستانە. سێ برۆنز پەیکەری ئاسك دەبینین، دوانیان سەر بەرەو خوار و مەرگن، سێیەمیان گەردنکەش سەری بەرز کردووەتەوە. ئەمە دنیایە، ململانێیەکی نەبڕاوە لە نێوان هێزی تاریکی رووناکی، خاس و خراو، رەش و سپی، بووە بە قەدەری مرۆڤی ئەم سەرزەمینە. پاشان تابلۆیەکی چوارگۆشە لاری دیکە دێت، یەك پارچە رەش، بەڵام ترووسکاییەکی رووناکی خۆی نواندووە، دنیا هەرچەندە تاریك و نووتەك بێت، تیشکی رووناکی نەبڕاوەیە. دواین بەرهەمی دیواری چوارەم جووتە میدالیایەکی برۆنزن.

دواین تابلۆش نیگاری سێ پەرستگایە (مزگەوت، کڵیسە، پەرستگەی ئێزدی)، ئەو شوێنانەی خودا پەرستی بەدەم یەکەوەن، بەدەم ئاسمانی شین و کەشی لێبوردەیی و ژینگەی ئاشتیخوازییەوە، ئایینەکان و پەیڕەوانیان دەکرێ بێ کێشە و ئاسوودە لەگەڵ یەکدا بژین. ئەمەیە چڕە پەیامی نامیق عەلی قادر.



# سەلمان خان لە ڕێگای هونەرەوە کاری خێرخوازی ئەنجام دەدات

لە زۆربەی وڵاتان هونەرمەندان ئەگەر ڕاستەوخۆش بەشداری لە کاری خێرخوازیدا نەکەن، ئەوا لە ڕێگای کۆمەڵە و گرووپەکانەوە ئەم کارە ئەنجام دەدەن، یان لە میدیاکانەوە ریکلامی بۆ دەکەن.

سەلمان خان ئەکتەری ناسراوی بۆلیۆد یەکێکە لەو ئەکتەرە ناسراوانەی هیندستان کە خاوەن جەماوەرێکی زۆرە، بەم دواییە لە ڕێگای کورتە فیلمێك بە ناوی (Every Single Breath) ڕۆڵی بینی، کورتە فیلمەکە لە دەرهێنانی موزیز سینگ بوو، داهاتەکەشی بەخشرا بە دەزگایەکی خێرخوازیی تایبەت بە منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت. لە پاڵ سەلمان خان چەند ئەکتەرێکی دیکەی هیندستان بەشداربوون، لەوانە (فیجای سینگی)، دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاویانکردەوە کە ئەم دوو ئەکتەرە کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ منداڵەکانی دەزگاکە ئەنجامدا و ماوەیەکی زۆریان لە دەزگاکە بەسەر برد و خۆشحاڵیی خۆیان بەم کارە خێرخوازییە دەربڕی.

لەلایەکی دیکەوە دوایین فیلمی سەلمان خان کە بە ناوی (Dabangg 3) ڕووبەڕووی هێرشێکی توندی پیاوانی ئایینی هندۆسی بۆوە، دوای ئەوەی بەشێك لە چالاکانی هندۆس ڕایانگەیاند، کە فیلمەکە سووکایەتی بە (شیفا لینجا) دەکات، چونکە بەردەکە کە بەردێکی پیرۆزە لە ئایینی هندۆسی، لەفیلمەکەدا بە دار داپۆشراوە، سەلمان خانیش لە وەڵامی ئەوکەسانەدا وتی: «ئێمە بۆ پاراستنی پیرۆزیی بەردەکە دامانپۆشی و بە هیچ شێوەیەکی مەبەستمان سووکایەتی نەبووە.» بەڵام لای خۆیەوە (بهاراتیا جانات) کە کەسایەتییەکی ئۆپۆزیسۆنە داوایکردووە کە پێویستە سەلمان خان دادگایی بکرێت.



# کریتی سانۆن هۆکاری ج

کریتی سانۆن یەکێکە لە ئەستێرەکانی بۆلیۆد کە زۆربەی تایبەتمەندییەکانی ئەوەی تێدایە هەمیشە لە پێشەنگیدا بێت، لەڕووی ڕوخسار و جوانیی نموونەیی تا دەگاتە بەهرەی هونەری، کە وایکردووە سەرکەوتن لە گشت کارەکانیدا بەدەست بهێنێت، فیلمەکانیشی گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن.

زۆر لە هونەرمەندان هەوڵدەدەن لە مانگەکانی گەرما و هاویندا گەشت نەکەن، بۆ ئەوەی زۆر نەکەونە بەر تیشکی خۆر و ڕوخساریان ماندووبوونی پێوە دیار نەبێت، بەڵام بۆ کریتی گەشت کردن وەك پیاسەیەکی ئاسایی وایە.

سانۆن لە دیمانەیەکدا لە ڕێگای ماڵپەڕی (bolly-woodlife) باسی لەوە کرد، کە سەرەڕای ئەو شەپۆلە



# جنیفەر گارنەر جوانترین ئافرەتی ساڵی ٢٠١٩ یە

گۆڤاری (People)ی ئەمریکی بۆ هەڵبژاردنی جوانترین ئافرەت لە نێو کەسایەتییە ناسراوەکانی بواری ئابووری و سیاسی و هونەریدا راپرسییەکی ئەنجامدا، بۆ ئەم مەبەستەش چەند ئافرەتێکی پاڵاوتبوو.

لە کۆتایی راپرسییەکەدا خانمە ئەکتەر و بەرهەمهێنەری ئەمریکی جنیفەر گارنەر وەك جوانترین ئافرەتی جیهان لە پلەی یەکەم هات، بەم بۆنەیەوە جنیفەر لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەم نازناوە دەربڕی و گوتی: «هەر کاتێك لە ئاوێنەوە کەمتر سەیری خۆم دەکەم، ئەوا زیاتر دەتوانم بیر بکەمەوە کە دەتوانم چی پێشکەش بە جیهان و مرۆڤایەتی بکەم، هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەم، چونکە ئەم سەرکەوتنە بە ئاسانی بەدەست نەهاتووە.»

ئەم خانمە ئەکتەرە خاوەن جەماوەرێکی زۆرە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە زنجیرە درامای (جاسوس) رۆڵی ئافرەتێکی سەر بە دەزگای هەواڵگریی ئەمریکای بینی، هەروەها بەهۆی ئەو رۆڵە سەکەوتوانەی لە فیلمەکاندا بینیویەتی، چەندین خەڵاتی لە پێشبڕکێی گۆڵدن گلۆب و سەندیکای ئەکتەران بەدەستهێناوە، هەروەها جگە لە کارە هونەرییەکانی رۆڵێکی باڵاشی هەیە لە کاری خێرخوازیدا.

گارنەر کە هاوسەری هونەرمەند (بین ئەفلیك) بووە، پێشتر پەیوەندیی لەگەڵ (سکۆت فولی ) هەبووە، ئەمەش دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٨ لە میانەی زنجیرەی (فیلیستی ) یەکتریان بینی، دواتر ساڵی ٢٠٠٠ ژیانی هاوسەرییان پێکهێنا.



## ـــــوانییەکەی ئاشکرا دەکات

گەرمایەی کە لە ئێستادا شارەکەی گرتۆتەوە، بەڵام ئەو توانیویەتی تا ئێستا روخساری بەو گەشییە بهێڵێتەوەو، لەم بارەوە گوتی: «کرێمێکی دژە خۆر بەکاردەهێنم، کە تا رادەیەك رێگرە لە پیربوونی پێست، هەروەها برێکی زۆری ئاو لەگەڵ شەربەتی سروشتی دەخۆمەوە، ئەمانە بەشێکی سەرەکین لە ژیانی رۆژانەم کە ناتوانم بە هیچ شێوەیەك دەستبەرداریان ببم، چونکە ئەگەر ئەمانە نەبن، ئەوا بەهێزیی تیشکی خۆر زیانێکی زۆر بە پێستم دەگەیەنێت، بۆیە لە جانتاکەمدا بەردەوام کرێمەکە هەڵدەگرم»،هاوکات نەشی شاردەوە کە بەر لە نووستن ئەگەر درەنگانی شەویشبێت گشت کرێم و مکیاژەکانی سەر روخساری لا دەبات، بۆ ئەم مەبەستەش کرێمێکی پاککردنەوە بەکاردەهێنێت کە زیان بە پێستی نەگەیەنێت.